بۆکان له مێژوودا (٤٥)                ئەنوەر سوڵتانی

## ماڵپەڕی "پیام بوکان"

له بەشی پێشتری ئەم زنجیرە وتارەدا، باسی وتارێکم کرد که لەسەر بۆکان نوسراوە و له سایتی "پیام بوکان" دا بڵاو کراوەتەوە.
لێرەدا باسی سایتەکه خۆی دەکەم که هەموو بابەتەکانی سەبارەت به بۆکان نووسراون و گەلێک وتاری سەرنج ڕاکێشیان تێدایە. ئەو سایته له لایەن چەند کەسی دڵسۆزەوە بەڕێوە دەبرێت و دارماڵی زانیارییه لەمەڕ بۆکان و ناوچەکە. گرنگایەتی بابەتەکان ئەوەندەیه که دەکرێ چاو له گەلێک کەم و کورتی و ناتەواویی کارەکەیان (بۆ نمونه هەڵەی تایپ و نەچوونه ناو قووڵایی باسەکانەوە) بپۆشرێت. سایتەکه به زمانی فارسییه بەڵام بابەتی کوردیشی تێدا بەرچاودەکەوێت.
هەندێ له عینوانی وتارەکانی سایتەکه ئەمانەن:
ڕێگا ئاسنی مەشهەد – بافق ٤ ساڵ بەندی شاریکەند ٥٠ ساڵ!
تەونی فەرش له بۆکان
بۆ بێکارانی بۆکان دەبێ چ بکرێت؟
شوێنایەتی بۆکان له ئێران و جیهان
دەنگی کوردستان له ناڵەشکێنەوە دێ
ناساندنی مامۆستا هەباس حەقیقی
بارودۆخی وەرزشی کاراته له بۆکان و ... گەلێک بابەتی هاوچەشن.

بەداخەوە سایتەکه لەباری تەکنیکیەوە لاوازە و لینکەکان باش وەڵام نادەنەوە.

ئەوەش ئادرەسی سایتەکە:            http://www.bookan.blogfa.com